# کردنەوەی نووسینگەی پۆلیس

# بۆ بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان٠٠




لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی لێژنەی بەدواداچوونی هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان کەلەم دواییانەدا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دامەزرا لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢١ لە دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لێژنەی ناوبراو بەسەرۆکایەتی د٠شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بێجگە لە ئامادەنەبوونی وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبۆوە٠٠

لەم کۆبوونەوەدا نوێنەرانی وەزارەتە ئامادەبووەکان راپۆرتی خۆیان خوێندەوە،بەڵام ئەوەی زیاتری کاری ئاماری بەدواداچوونی لەسەر ئەم دیاردەیە کردبوو هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و وەزارەتی ناوخۆ لەهەولێر و سلێمانی بوو،لەم رووەوەش بەتێروتەسەلی وەزارەتی ئەوقاف باسی لەو بەرنامە رێژییە کرد کە لە رێگای خوتبە خوێنەکانی خۆیان لە مزگەوتەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی رووندەکەنەوە کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ رێبازی پیرۆزی ئاینی ئیسلام ناگونجێ و پێویستە هەموو لایەك دەور بگێڕن بۆ بنبڕکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەم مەبەستەش خولی تایبەت و سیمینار بۆ زانایانی ئاینی کراوەتەوە بۆ باسکردنی رۆڵی ئایین و پیاوانی ئاینی لەم رووەوە کەئەمەش بێشك دەوری کاریگەری خۆی دەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم توندوتیژییەی کە دژی ژنان بەکاردەهێنرێ٠

بەلأم لە راپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی کە هەردوو دەڤەری گەرمیان و بادینانیشی لەخۆگرتبوو ئامارێك خرابووە روو کەلەمیانی ئەم مانگەی رابردوو چەند رووداوی لەم جۆرە هاتۆتە ئاراوە واشدەرکەت کە لەپارێزگای هەولێر دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان روو لە کەمبوونەوەیە،لەپارێزگای سلێمانی و دەڤەری گەرمیان-یش وەك لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە دوو مانگە رێژەکە وەك یەکە،بەلأم لەچاو سەرژمێری دانیشتوانی ئەم دەڤەرە رێژەکە زۆر کەمە کە ئەویش روودانی کوشتنی (٢) ژن و سووتانی (٩) ژن بوو٠٠

هەروەها لەم کۆبوونەوەیە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێت (حەسانە) لەسەر کەس نەمێنێت،چونکە لایەنە چەکدارییەکان هەندێجار ئاستەنگ لەرێگای یاسایی کارەکان دروست دەکەن و لایەنی پۆلیس ناتوانن کارەکانیان وەك زەرورییەت بەجێبگەیەنن،٠٠

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی رایانگەیاند بۆ بەدواداچوونی ئەم دیاردەیە هەنگاوی عەمەلی نراوە ئەویش بەکردنەوەی مەکتەبێك لەشارەکاندا بەناوی (مەکتەبی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان) کە ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە سەرپەرشتیان دەکەن تا لەنزیکەوە بەپیل ئەم رووداوانە بچن و کاری بۆ بکەن،دیارە ئەمەش بەشێکە لەبەرنامەرێژی ئەم لێژنەیە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە٠

لەکۆتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ راگەیاند و ووتی:

ئەم لێژنەیە دوای ئەوە هات کە ئەم دیاردەیە زۆر بەخێرایی لەکوردستان پەرەی سەندو بووە دیاردەیەکی ترسناك بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤ نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردو لەئەنجامدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوە و بڕیاردرا لێژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێك بێت،ئەوەبوو ئەم لێژنەیە کەوتە کاری خۆی و ئەمە سێیەمین کۆبوونەوەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیکات و لەئایندەیەکی نزیك راپۆرتی تێروتەسەل کە ئامارێکی گرنگە بۆ ئەم کارانەی کراون بلأودەکرێتەوە٠